# ڕۆڵی دامەزراوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسیەکان

کاروان محمد صابر[1] پ.ی.د. هوشیار مظفر علی[2] پ.ی.د. محمد خدر مولود[3]

[1-2-3] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دامەزراوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسیەکان) هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەری و گرنگی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی کێشە و ململانێیە سیاسیەکاندا، گرنگی ئەم بابەتە جەخت کردنە لەسەر بەهای پەیوەندی گشتییەکان لە ناو دامەزراوەکاندا،. هەروەها گرنگە بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتی لە وەزارەتەکان دا، لە پرۆسەی پەیوەندییە گشتییەکان و چۆنییەتی بەکارهێنان و بەگەرخستنیان لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، هەبونی بەشی پەیوەندی گشتی لە بەشی سەرەوەی هەیکەلی کارگێڕی هەر دامەزراوەیەک، پێویستییەکی گرنگە، بە تایبەت کە لەم سەردەمەدا، بۆ هۆی بوونی ململانێ گەورە لەسەر ئاستەجیاوازەکاندا. لەم توێژینەوەیەدا، دەروازەیەکی تیۆری لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پەیوەندییە گشتییەکان خراوەتە ڕوو. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی گشتی زانستێکی نوێی سەردەمییانەیە، سەرەڕای مێژووە کەمەکەی، بەخێرایی گەشەیکردوەو ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ناوەو دەرەوەی دامەزراوە گشتی و تایبەتەکاندا هەیە. پەیوەندی گشتی دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە خزمەت بە دامەزراوەکان بکات بەتایبەتی لە کاتی ململانێ و قەیرانەکاندا زیاتر ڕۆڵی دەردەکەوێت بە ئەنجامدانی توێژینەوە و پێشکەشکردنی پێشنیارەکان لەسەر بنەمای ئەو دەرەنجامانەی لە توێژینەوەکان بەدەست هاتوون.

**کلیلە وشەکان: ڕۆڵ، دامەزراوە، پەیوەندییە گشتییەکان، ململانێ سیاسیەکان**

## پێشەکی

سەرەڕای کەمی مێژووی سەرهەڵدانی وەک زانست، پەیوەندی گشتی بەردەوام لە گەشەکردندایە و ڕۆڵ و بایەخەکەی جێی سەرنجی دامەزراوە گشتی و تایبەتەکانە. ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامودەزگاکان بە تایبەت لە حکومەتدا ڕۆڵێکی گرنگە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت جگە لەپێدانی شوێنی گونجاو وەک شێوازێک کە پێناسەی کاری پەیوەندییە گشتییەکانی پەیوەندییەکان بکریت، بەتایبەتی لەڕووی سیاسیەوە و پاشان لەچوارچێوەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدەین ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم دیاری بکەین لەپێشکەشکردنی سیمای ڕاستەقینەی هەرێم لەململانێیە سیاسیەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بەپێی پرۆگرامێکی ئەکادیمی زانکۆ کە قەیران و میکانیزمی بەڕێوەبردنی دیاری دەکات و ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی لەهەرێمی کوردستان بەرجەستە دەکات.

ململانێی سیاسی پرۆسەی ڕاکێشانی لایەنەکانی دەسەڵاتە بۆ گەیشتن بەئامانجێک کە بۆتە قەیران و دواتر ململانێ بەدوای قەیراندا دێت و ململانێی سیاسی بەدوای ئەو قەیرانە سیاسیەدا دێت کەتێیدا تێڕوانینی ململانێ یەکێکە لەتێڕوانین و مێژوویەکی

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 ( 2023 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 سبتمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دوورودرێژی هەیە و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی یەکە گەورەکانی گرووپ و حکومەت و دەوڵەت و ئیمپراتۆری و تەنانەت بیرۆکەکانە کە ناسراوە بە ململانێی بیرۆکەکان، وا تەماشای کۆمەڵگا دەکرێت وەک دۆخێکی بەردەوامی ململانێ لەنێوان گروپەکان و چین و توێژەکان و تاک و هێزی سیاسی، ئابووری و رۆشنبیری، و هەمیشە جەخت دەکاتە سەر ململانێی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و هاوتەریب لەگەڵ ململانێی سیاسی دوای قەیرانی سیاسی بەو پێیەی کە ئەودووانە دەبنە هۆی دەستکەوتنی سوود بۆ کۆمەڵگا و لایەنەکانی ململانێ، و بۆ ئەم تێڕوانینە چەندین دەروازەی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا و ململانێە سیاسی وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و بەرەوپێشچوونەکانی وەك: دەروازەکانی سەروەت و دەسەڵات و جەماوەر، بەڵام ئەم دەروازەیانە بە تەواوی جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی ململانێ و قەیران دەکەنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا دەروازەیەکی تیۆری لە ڕێگەی پێداچنەوە بە ئەدەبیاتی پەیوەندییە گشتییەکان خراوەتە ڕوو، بەمەبەستی ڕێبەرینامەیەک بۆ چارەسەرکردنی ململانێ سیاسیەکان.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە

زانستی پەیوەندییە گشتییەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەردەوام لە گەشەسەندندایەو گرنگی تایبەتی پێدەدرێت. هەر بۆیە زۆرێک لە دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان لە پەیکەری ڕێکخراوەیی دامەزراوەکانیان، بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان لە بەشی سەرەوەی هەرەمەکە داناوەو بە گرنگییەوە لە ڕۆڵ و کاریگەری دەڕوانن. بە پێچەوانەوە، لە زۆر وڵاتانی تردا بە تایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم وەکو پێویست سود لەم زانستە وەرنەگیراوەو تا ڕادەیەکی زۆریش لە پەیکەری دامەزراوەکان پشتگوێخراوە .

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: (ڕۆڵی دامەزراوەی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسیەکان).

بە رەچاوکردنی ئەوەی کە پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەوزراوەکانی حکومەت ڕۆڵێکی وەرگرتووە کە تا ئەمڕۆش بەبایەخەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، ئەویش بۆ ئەو مەبەستەیە کە ئەم توێژینەوەمان کرد.

### دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بداتەوە کە توێژینەوەکە لەسەری بنیادنراوە:

1. ئەو ئەرک و چالاکییانە چین کە پەیوەندی گشتی دەتوانێت لە پێناو حکومەت لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسیەکان بیانگرێتە بەر؟
2. چۆن پەیوەندی پێوانەدەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت؟
3. پەیوەندی لە نێوان پەیوەندی گشتی و ململانێ سیاسیەکان چییە؟
4. چۆن پەیوەندی گشتی لە کاتی ململانێ سیاسیەکان پارێزگاری لە ناوبانگی دامەزراوەکان دەکات.

### سێیەم:گرنگی توێژینەوە

گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

1. لایەنی ڕەسەنایەتییە: یەکەم توێژینەوەی زانستییە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و باس لەڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامودەزگاکانی حکومەت دەکات کەپەیوەندی بەململانێیە سیاسییەکان هەیە.
2. لایەنی زانستی: ئەم توێژینەوەیە دەچێتە بواری پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکانەوە.
3. لایەنی تیۆری: هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە گشتییەکان.
4. لایەنە پەیوەندارەکان: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕوویەوە هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بەڕۆڵ و پێگەی پەیوەندییە گشتییەکانە لەسیستمی دامەزراوەکاندا.

### چوارەم: ئامانجی توێژینەوە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەمانەی خوارەوە کورتکراوەتەوە:

1.ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە سەرەڕای نیشاندانی بایەخ و گرنگی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکاندا

2.دەرخستنی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ململانێی سیاسیەکاندا.

3.دەست نیشانکردنی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسیەکان.

4.دەرخستنی بەشداری پەیوەندییە گشتییەکان زاڵبوون بەسەر ململانێ سیاسیەکان.

### پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەڕێگەی پێداچونەوە بە سەرەچاوە زانستییەکانی ئەدەبیاتی (Literature Review) پەیوەندییە گشتییەکان دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە پاساوەکانی لە سەر بنیادناوەئەویش گەڵاڵەکردنی دەروازەیەکی تویریە کە بخونجێت لەگەڵ هەلومارگ و خواستی دامەزراوە بازرگانییەکان کە لە ڕێگەی پەیڕەکردن و پراکتیزەکردنی میکانیزمی تایبەت بە پیواژۆی بەناوبانگکردنی دامەراوەکان لە کوردستاندا.

### دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1. ڕۆڵ: بریتییەلە کارێکی ئیداریی بەردەوام و پلان بۆ داڕێژراوە، کەپێویستی بە پرۆسەی کارگێڕی وەک پلاندانان و توێژینەوەی زانستی و ڕێکخستن و هەماهەنگی و هەڵسەنگاندن و کارەکانی دامەزراوەکەی تر کە پراکتیزە بکرێت. دواتر ڕۆڵەکە ئەو پاڵنەر و ئامانج و باوەڕ و هەڵوێست و ڕەفتارەیە کە ئەندامانی گرووپ پێشبینی دەکەن لە کارێکدا ببینن یان دۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو داگیر بکەن کە وەسفی ئەو رەفتارە دەکات کە لە بارودۆخێکدا پێشبینی دەکرێت.
2. پەیوەندییە گشتییەکان: بریتیە لە چەمکێکی زارەکی ئاڵۆز کە لە دوو وشەدا پێك

دێت: یەکەمیان پەیوەندییەکانە، دووەمیان گشتییە، پەیوەندییەکان کۆی پەیوەندین و پەیوەندی بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو بابەتی یان زیاتر، بۆیە پەیوەندییەکان بەستراوە و کاریگەرییە هاوبەشەکانن کە لە وەڵامدانەوە بە چالاکی یاخود رەفتار، و بەوەڵامدانەوە مەرجی سەرەکی پێکهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.

3. دامەزراوە: ڕێکخراوێکە بۆ بەدەستهێنانی جۆرێک لە بزنس و بازرگانی دامەزراوە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەپێی ستاندارده ڕێکخراوەییە تایبەتەکان لە بواری کارکردنیدا، و هەروەها دامەزراوەکە دوای گەیشتن بە ئامانجێک پێناسە دەکرێت چ پەروەردەیی و چ کار و چ کۆمەڵایەتی بێت، پێناسەیەکی تر بۆ دامەزراوەکە بریتییە لەدروستکردن و دامەزراندنی شوێنێکی تایبەت یان گشتی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو بۆ نموونە دامەزراوەکان بۆ گرنگیدان بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

4. ململانێ سیاسیەکان: بە شێوەیەکی گشتی، چەمکی ململانێ لەئەدەبیاتی سیاسی تایبەتمەندیدا وەک دیاردەیەکی دینامیکی تەماشا دەکرێت، چەمکەکە لە لایەکەوە پێشنیاری پێگەیەکی ڕکابەری دیاریکراو دەخاتەڕوو، کە تێیدا هەریەک لە کارلێکەکان ئاگایان لە ناتەبایی لە هەلومەرجی داهاتووی گونجاودا هەیە و هەر یەکەیان ناچار بە وەرگرتنی پێگەیەکی ناگونجاو لەگەڵ بەرژەوەندییە هەستپێکراوەکانی لایەنی تر دەکەن، بۆیە ئاڕاستەیەك هەبوو بۆ سەرنجدان لەسەر ڕەهەندی پێشبڕکێکار لە پێناسەکردنی ململانێ وەک جۆرێک لە هەڵسوکەوتی پێشبرکێیی نێوان تاکەکان یان گروپەکان، و ئەوەی کە زۆرجار ڕوودەدات کە دوو کەس یان زیاتر، لایەنێک پێشبڕکێ دەکەن لەسەر ئامانجە ناتەباکان، چ جای ئەو ئامانجانە ڕاستەقینە بن یان هەست پێشبینیکراو یاخود لەسەر داهاتێکی دیاریکراوبێت.

## بەشی دووەم دەروازەی تیۆری

### یەکەم: پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان:

پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان بە ئینگلیزی :(Public Relations) بریتیە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی نێوان ڕێکخراوەکان و گشتی خەڵك، بەهۆی ئەنجامدانی پەیوەندییەکی ستراتیژی لەنێوانیاندا دەگەنە سوودبەخشینێکی ئاڵوگۆڕی، ئەو پەیوەندیکردنە دەبێتە هۆی پێکهێنانی بروایەکی گشتی دەزگاکە ئەوەش بەهۆی کاریگەری و بەشداری و بەردەوامی پەیوەندی نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکان (بهجة 2000، 122) .

بەو شێوەیە پەیوەندییە گشتییەکان: بە ئەڵقەی گەیاندنی نێوان هەر ڕێکخراوێك و ئەو کۆمەڵگەیەی دەوروبەریەتی، هەموو ڕێکخراوێك لە کۆمەڵگە هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی خزمەتێکی دیاریکراو بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، و پێویست دەکات پەیوەندییە گشتییەکان هەڵستێ بە بڕواپێهێنانی ئەو تاکاکە سەبارەت بە خزمەت یان بەرهەمی ڕێکخراوەکە، و هەروەها پرسیان پێ بکات و هەڵسەنگاندنیان وەربگرێت سەبارەت بە بەرهەمەکانی ڕێکخراوەکە و ڕێز لەبۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانیان بگرێت، ڕێکخراوەکە لەهەوڵی ئەوەدا بێت کە ئەو پەیوەندییە زیاتر بەهێز بێت و لەسەر بنەمای متمانەی نێوان هەردوولاوە دروست بێت (فضیل 2014، 166).

پێناسەی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکان ئەمەریکی: چالاکی هەر پیشەسازییەك یان دەستەیەك یاخود پیشەیەك یان حکومەتێکە لەدروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکی باشە لەنێوان خۆی و جەماوەرەکەی وەکو بریکارو فەرمانبەرو بەشدارو جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی. و تێبینی ئەوە دەکرێت کە کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکان کەموکورتی نەبووە لەگەڵ لە پەیوەندیی ڕێکخراوەکەی لەگەڵ جەماوەرە دەرەکیەکەی وەکو بریکارو جەماوەر، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری ناوەخۆش دەگرێتەوە.(Hon,1999 p14)

جۆن مارستۆن: ئەرکێکە لە ئەرکەکانی کارگێڕی، پەیوەستە بە شیکردنەوەی رەفتاری جەماوەر بۆ زانینی ئاراستەو پێداویستییەکانی و کاردەکات بۆ دانانی پرۆگرامێك کە بگونجێ و ڕێك بکەوێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی لەبەرامبەر ئەو پێداویستیانەدا .(Al-rawahna, 2018, p165)

واتە پەیوەندییە گشتییەکان: "فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی کارگێڕییە بەشێوازی سیاسەت و کارەوە گوزارشت دەکات، بە مەبەستی زامنکردن و بەردەوامی متمانە و لێکگەیشتنی نێوان ڕێکخراوەکەو جەماوەرەکەیەتی بە بەکارهێنانی پەیوەندی دووسەرە لەنێوان هەردوو لاوە"(العدوي ،2016، 155)

بۆیە پەیوەندییە گشتییەکان لەم تێزەدا دەبینین بریتیە لە بەشێکی تایبەت بەپەیوەندیکردنی نێوان دەزگاو رای گشتی، بەهۆی گوتاری پەیوەندییکردنی دیاریکراوەوە بەزمانێك کە رای گشتی تێی بگات و وەریبگرێت.

### دووەم: ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان:

پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە لە راگەیاندن و ریکلام و بانگەشەو پێکهێنانی جەماوەرو رای گشتی و ئەدای سیاسی بۆ حکومەتەکان و هەرێمەکان :

1. چاندنی هەستی بەشداریکردن و بەرپرسیاریێتی: ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە پێویستە لە بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا گرنگی پێ بدرێت و ئەمەش پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی هاوولاتیان نییە بەتەنها، بەڵکو دەبێت هەستی بەشداری و هاوبەشی ئەرێنی دروست بکات و ڕەنگە کەمپینەکە پێویستی بە چڕکردنەوەی میدیا و ڕوونکردنەوەی کێشەکە بکات لە ڕێگەی نامیلکەی ڤیدیۆیی و تابلۆ و فیلم و مەنەلۆج و کۆبوونەوەو سیمینارەکاندا(عجوة ،45،1985).

2. شێوازی ڕێکخستنی سەردانەکان: چونکە چاوپێنی لە بیستن قایلکەرترە و کاریگەری بینینی چالاکی کۆمەڵایەتی کە لە ڕاستیدا پێشکەش کراوە زۆر بەهێزترە لە وانەیەک یان وتاری نەبینراو لەسەر بابەتی چاودێری کۆمەڵایەتی(ذیاب،53،2014).

بەسوودە بانگهێشتی سەرکردەکانی ڕای گشتی و کەسایەتییە کاریگەرەکان بکەین کە باوەڕیان بە خزمەتی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و یارمەتی لاوازان و بێ لانەکانی کۆمەڵگە هەیە وەک چۆن بەسوودە بانگهێشتیان بکەین بۆ تەماشاکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستی بەشداریکردنیان تیایدا، و وایان لێ بکرێت کە ببنە ئەندامی هەمیشەیی لەو لیژنە و ئەنجوومەنەو بەرێوەی بەرن.

شێوازی ڕێکخستنی هەڵمەتی کۆمەککردن: کە یەکێک لەگرنگترین چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامودەزگا کۆمەلایەتییەکاندا کۆکردنەوەی بەخشین و کۆمەکە لەدامودەزگا ئابوورییەکان و سەرمایەداران و کۆمەڵەکان و حکومەت، و ئەو

شێوازەی کۆکردنەوەی کۆمەک لەخۆیدا شێوازێکە بۆ بەستنەوەی جەماوەر بە ئامانجی دەزگاکەو هەست و سۆز لەگەڵیان، و دەکرێ ئەو کۆمەك و بەخشینانە بەهۆی سیمینارو ئاهەنگ و بازاڕە خێرخوازەکان کۆبکرێنەوەو کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا و کاریگەرەکان دەتوانن لە هەڵمەتەکانی بەخشیندا بەکار بهێنرێن، چونکە ئەوان لە کەسانی تر باشترن بۆ قایلکردنی خەڵک بە پەیوەندی پرۆژەکە و بە پارە و کەرەستە بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری پێ بکەن(ابو قحف،1994 ،112) .

ڕۆڵێکی سیاسی هەیە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەبەڕێوەبردنی قەیران و سەرکردایەتی ململانێدا کە تێیدا هاتووە: لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی پەرلەمانی و فرەلایەنی سیاسی هەڵئەگرن، پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لەڕاکێشان و کاریگەری لەسەریان بۆ بەرژەوەندی سیاسییەکی دیاریکراو یاخود پارتێك لەنێو پارتە سیاسیە کێبڕکێکەران لەسەر کورسی حکوم، جا ئەو هەڵبژاردنە گشتی بێت لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان ناوەخۆ یان هەرێمی بێت.

## سێیەم: ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

دەزگاکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامودەزگا حکومییەکانی بەئامانجی پەرەپێدانی پرۆسەی کارگێڕی دامودەزگا حکومییەکانە لەڕێگەی پێدانی زانیاری ورد لەبارەی ئاراستەکانی ڕای گشتییەوە، هەروەها بەشداری دەکات لە دۆزینەوەی ڕادەی ئەو کاریگەرییەی کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگەدا هەیانە، و دەکرێت ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگاکانی حکومەت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە :

1. بەدەستهێنانی پشتگیری پەیوەندییە گشتییەکان. و دروستکردنی پردی متمانەو بەردەوامی لەنێوان خۆی و حکومەت، ئەوەش لەڕێگەی پێدانی زانیاری ڕاست و دروست کە پشت بە ڕاستگۆی و ئەمانەتەوە ببەستێ لەگەیاندنی زانیارییەکان.

2. باسکردنی ئامانجی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی باو لە وڵاتدا.

باسکردنی یاسا نوێیەکان و هەر گۆڕانکاری و چاککردنەوەی هەر بڕگەیەك و لەگەڵ باسکردنی پاساوەکانی گۆڕانکارییەکەو چاککردنەوەکە کە بۆچی کراوە(سلام،2005، 177).

3. پەرەدان بەهەستکردن بەلێپرسراوێتی لەنێو هاووڵاتیاندا لەڕێگەی میدیای ناسراوی وەک ڕۆژنامەوە گۆڤارو تەلەفزیۆن و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا.

4. ڕێنوێیی هاووڵاتیان لەبەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی گشتیدا .

5. باشترکردنی پەیوەندییەکان چ لەگەڵ جەماوەری ناوەخۆ بێ یاخود دەرەوە.

6. پێویستی ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان بەو خزمەت و ئەرکانەی کە حکومەت ئەنجامی دەدات تاکو هاووڵاتیان تێیدا بەشدار بن .

7. داکۆکیکردن لە هەڵوێستی حکومەت ئەگەر دووچاری هەر ڕەخنەیەك بووەوە لەلایەن ئەوانی دیکەوە(المحمد، 2010، 82).

ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکانی دەزگا حکومییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەڕێگەی ڕۆڵەکەیدا(هاشم،1996، 18) :

1. نەخشاندنی وێنەیەکی ئەرێنی ڕاستەقینەی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاکو لەڕووی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەوە سوودمەند بێت.

2. ئەو چەمکانە بەرزبکەرەوە کە دەوڵەت سیاسەتەکەی لەسەر بنیاتناوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

3. دەستکەوتنی پشتگیری بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەڵوێستەکانیان لە بەرامبەر بە هەر پرسێکی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

4. ئاسانکردنی ئەرکی میدیای دەرەکی و هەلومەرجی گونجاویان بۆ دابین بکەن بە ئامانجی گەیاندنی وێنەیەکی ڕاستەقینەی نیشتمانی لە دەرەوەی سنوورەکانییەوە.

5. چاودێریکردنی هەر بڵاوکراوەیەك یاخود توێژینەوەیەك بەهۆی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی دەرەکی لەسەر نیشتمان، و چاودێریکردن و بەهێزکردنی و وەڵام بدرێتەوە ئەگەر پێویستی کرد.

6. چاودێری ئەوەی کە چی ڕوودەدات لەسەنتەری دروستکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، و بەهێزکردنی کاریگەرە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر وڵات یان هەرێمەکە .

بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی پردی نێوان دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان و کرێنی حکومی و ناحکومی و جەماوەرییە لە ڕێگەی پەیوەندییە ستراتیژییە سیستماتیکەکانەوە.

## چوارەم: ئەرک پەیوەندییە گشتییەکان

ئەرکی پەیوەندی گشتی لە پرسی ناوبانگدا کە لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لە تەواوی پێناسەکانەوە گەڵاڵە کراوە و یارمەتیدەرە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەری پەیوەندییە گشتییەکان لە ناو هەر دامەزراوەیەکدا. لە لایەکی ترەوە ئەم ڕەگەزە سەرەکییانە دەرخەری ئەوەن کە کارکردن لە بوارەکەدا زۆر فراوانە. هەروەک (Lubbe and Puth, 2002, 10)ئاماژەیان بەوە کردووە کە کارکردنی کارمەندانی بواری پەیوەندی گشتی چەندین چالاکی و کرداری جیاواز لە خۆ دەگرێت؛ لەوانە :

1 . توێژینەوە: هەنگاوی یەکەم و سەرەکی لە بواری پەیوەندی گشتی لە هەر دامەزراوەیەک بریتییە لە توێژینەوە چونکە ڕاستەوخۆ کارکردن و مامەڵە کردنە لەگەڵ خەڵک یاخود دامەزراوەی تر. سەرەڕای ئەوەی هەنگاوی یەکەم لە هەر پرۆژەو چالاکییەک بە توێژینەوە دەستپێدەکات لە پێناو دەستنیشانکردنی گروپەکان، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان و تێگەیشتن لە ڕاوبۆچون و هەڵسوکەوتیان .

2 . دانانی پلانی ستراتیژی: لەگەڵ دەستپێکی هەنگاوی یەکەم و پاش کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان، ئەوا هەنگاوی دووەم بەکارهێنانیانە بۆ دانان و داڕشتنی پلانی ستراتیژی دامەزراوەکە. لێرەدا چەندین پرسیاری گرنگ و جەوهەری پێویستە وەڵامبدرێنەوە لەوانە؛ ئێستا دامەزراوەکە لە کوێدایە؟ چۆن گەشتوین بە ئێرە؟ ئەی دەمانەوێت لە داهاتوودا بگەینە کوێ؟ بە کام میکانیزمە دەتوانین بگەینە ئەو شوێنە؟

3 . ڕاوێژکاری: کارو چالاکییەکی تری پەیوەندی گشتی پێدانی ڕاوێژە بە کەسانی سەرو خۆی، کە پێویستە لە پلان و بەرنامەی بۆ دانراو تێبگەن و ڕەزامەند بن لە ئەنجامدانی .

4 . هەڵسەنگاندن: بەشێکی تر لە کارو چالاکییەکان بریتییە لە هەڵسەنگاندن بۆ هەر پلان و بەرنامەیەکی دانراو لە کاتی جێبەجێکردن و لە پاشدا. بۆ ئەوەی سەرجەم لایەنە بەهێزو لاوازەکان، ئاست و کاریگەری پەیام و میکانیزمەکان، ڕۆڵی کارەکتەرە

بەشداربووەکان دەستنیشان بکرێت .

5 . پەیوەندی میدیایی: یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کارمەندان و پیشەوەرانی بواری پەیوەندی گشتی بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی میدیادا. لێرەدا پێویستە ڕەچاوی پەیوەندییەکە بکرێت کە دوولایەنە بێت بەو واتایەی کارمەندانی پەیوەندی گشتی سود لە میدیا وەربگرن بۆ گەیاندنی پەیام و زانیارییەکان بە جەماوەرەکانیان، لە هەمانکاتیشدا میدیا لە کاتی پێویستدا زانیاری لە کارمەندانی پەیوەندی گشتی وەربگرێت و بیگوازێتەوە بە تایبەت لە کاتە نەخوازراوەکاندا کە جەماوەری هەر دامەزراوەیەک پێویستی بە زانیاری راست و دروستە .

6 . ڕێکخستن: سەرەڕای ئەو کارو چالاکیانەی سەرەوە، پەیوەندی گشتی بەشێکی زۆر لە ڕێکخستن و بە ئەنجامگەیاندنی چەندین بۆنەو چالاکی تری لەسەرە وەک کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، ڕێکخستنی بۆنەکان، ساڵیادو یادکردنەوەی دامەزراندن یان هەر دەستکەوتێکی تر، بۆنەی تایبەت بە کاری خێرخوازی و کۆکردنەوەی داهات و چەندین چالاکی تر.(Cutlip et al. 2006; 36)

7 . ڕاهێنان: بەهۆی زۆری مامەڵە کردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەرکەوتن لەبەردەم جەماوەردا، کارمەندانی پەیوەندی گشتی ڕۆڵیان هەیە لە ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی بەڕێوەبەرانی هەر دامەزراوەیەک. بە تایبەت لە کاتی پێشکەشکردنی وتار یاخود کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکان.

## پێنجەم: پێوانەکردنی پەیوەندی گشتییەکان

ڕێگاکانی پێودانگکردنی کارای پەیوەندی گشتی دەگاتە ڕوو و، بەو پێیەی لە هەر پەیوەندییەکدا زانینی ئاستی خودی پەیوەندیی گرنگە، لەوەش گرنگتر چۆنێتی پێوانەکردنی ئەو ئاستەیە. ئەگەر میکانیزمی پێوانەکردنی پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکان تا ڕادەیەک قورس بێت، ئەوا بۆ دامەزراوەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ چەندین گروپ و دامەزراوەو تاکی جیاوازدا هەیە زۆر ئەستەمترە. (Baily; 2018) ئاماژە بە گرنگی پێوانەکردنی پەیوەندی دەدات لە پێناو دەرکەوتنی ئاستی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکە، سەلماندنی کاریەگەریتی و گەیاندنی بەهاکەی. لە لایەکی تریشەوە (Grunig and Hon, 1999) باس لەوە دەکەن بەهۆی زۆربونی باوەڕی زۆری بەکارهێنەرانی پەیوەندی گشتی و ئەکادیمیستەکان کە ئامانجی سەرەکی لە پەیوەندی گشتیدا بریتییە لە (بنیادنی پەیوەندی، بەردەوامیدان بۆ ماوەیەکی دور مەودا لەگەڵ گروپی دیاریکراو)دا، گرنگە پێوانەی ئاستی پەیوەندی بکەین. هەر بۆیە هەستاون بە دەستنیشانکردنی شەش فاکتەری سەرەکی بۆ پێوانەکردنی ئاستی پەیوەندییەکە لەوانە:

1. **کۆنترۆڵی هاوبەشی (دوولایەنە):** تا چەند لایەنەکان ڕەزامەندو کۆکن لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵاتی بەجێی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەوی تر هەبێت. هەرچەندە هەندێک ناتەوازنی شتێکی سروشتییە، پەیوەندی جێگیر پێویست دەکات کە دامەزراوەکەو جەماوەرەکەی کە کۆنترۆڵیان بەسەر یەکەوە هەبێت.
2. متمانە: لە سێ ڕووە گرنگە لایەنەکان متمانە و باوەڕیان بە یەکتر هەبێت لەوانە؛ نەزاهە واتە باوەڕت وابێت کە ڕێکخراوەکە دادپەروەرانەیە. پشت بەستن واتە متمانەت هەبێت کە ڕێکخراوەکە ئەو شتە دەکات کە دەڵێت دەیکات. لێهاتووی واتە متمانەت هەبێت کە دامەزراوەکە دەتوانێت ئەو شتە بکات کە دەڵێت دەیکەم.
3. ڕازیبوون: تا چەند هەر لایەنێک هەست دەکەن بەرەو ڕووی یەکتر دەڕۆن چونکە پێشبینی باش لەسەر پەیوەندی بۆ خۆی دوپاتکردنەوەیە لەسەر بەردەوامی. پەیوەندی ڕازیکەر شتێکە کە قازانجەکەی لە تێچووەکەی زیاترە.
4. پابەندبوون: تا چەند لایەنەکان هەست و باوەڕیان وایە کە پەیوەندییەکە شایەنی ئەوەیە کە وزەی تێدا سەرفبکرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و گەشە بکات.
5. پەیوەندی گۆڕینەوە:لە پەیوەندی گۆڕینەوەدا، لایەنێک سود بە لایەنەکانی تر دەگەیەنێت تەنها لەبەر ئەوەی لایەنەکەی تر لە رابردوودا سودی پێگەیاندووە یاخود چاوەڕێی لێدەکرێت لە داهاتوودا بیکات.
6. پەیوەندی کۆمەڵگە: لە پەیوەندی کۆمەڵگە، هەردوو لایەن سود بەیەک دەگەیەنن لە بەر ئەوەی گرنگی بە خۆشگوزەرانی یەکتر دەدەن ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا هیچیان نەبوو بۆ یەکتری بگەڕێنەوە.

## شەشەم: پەیوەندی گشتی و ململانێ

ململانێی پرۆسەی پەنابردنە بۆ هێزی زارەکی، یاخود هێزی کردەیی یا سەربازی بۆ دۆزینەوەی دەستکەوتی ئەو ئامانجەیە کە بەهۆتە هۆی قەیران و گۆڕیوەتی بۆ ململانێ بە هەموو شێوازە بەردەستەکانی تاک و دەزگا و ڕێکخراو و حکومەت و دەوڵەت، بەو پێیەی کە ئەو ململانێیە زادەی وەرگەڕانی قەیرانە بۆ پرۆسەیەکی خێرای نێوان لایەنە یەککرتوو و دیاریکراوەکانە، لەپێناو گەیشتنی هەر لایەك بەئامانجێکی دیاریکراو کە ڕەنگە هەندێجار هاوبەشن بن لە گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە بە ڕەچاوکردنی ڕێکەوتنیان یاخود جیاوازی نێوانیان لەسەر ئەو ئامانجە.

هەروەها قەیران و ململانێ دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی چاوەڕوانی هاوڵاتیان بەرامبەر دامودەزگاکە، لە ئەنجامدا هاوڵاتیان تورەو نیگەران دەبن و ئەمەش دەبێتە هەڕەشە لەسەر پەیوەندی نێوان خەڵك و دامودەزگاکە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە قەیران دادەنرێت بە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ناوبانگی دەزگاکە.

بەوردبونەوە لەو کورتە باسەی سەرەوە دەتوانین (دوو ڕەگەز)ی سەرەکی دەستنیشان بکەین کە ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ پەیوەندی لە نێوان پەیوەندی گشتی و ململانێ لە پێناسەو ڕۆڵەکانی پەیوەندی گشتی ئاماژەیان پێدراوە، لەوانە:

یەکێک لە ئەرک و ڕۆڵە سەرەکییەکانی کارمەندی پەیوەندی گشتی بریتییە لە توانای پێشبینیکردن بۆ ڕوداوەکان و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو. هەر بۆیە کارمەندی پەیوەندی گشتی بەر لە ڕوودانی هەندێک قەیران توانای پێشبینیکردن و پاراستنی دامەزراوەکەی هەیە.

لە کاتی ڕوودانی ململانآ و قەیراندا، ئەگەر دامەزراوەکە نەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکات و جەماوەرەکەی خۆی تێبگەیەنێت. ئەوا قەیرانەکە دەبێتە هۆی تورەیی و نیگەرانی جەماوەرو لە ئەنجامدا لەسەر ناوو ناوبانگی دامەزراوەکە دەکەوێت.

هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، پەیوەندی گشتی لەسەرجەم قۆناغە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی ململانێ و قەیران تا کۆتاییهاتنی رۆڵێکی گرنگ و کاریگەرییان هەیە. ئەم رۆڵ و ئەرکەش بەپێی ئاستی ململانێکە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت وەک قۆناغەکانی (Fearn-Banks, 2009):

1. هەستپێکردن detection : ئەم قۆناغە رەنگە بە ئاماژەی وریا کەرەوە دەست پێبکات. هەروەک بارتۆن ١٩٩٣ ئاماژەی بۆ دەکات وەک نیشانە سەرەتاییەکانی نەخۆشی• هەندێک قەیران هیچ ئاماژەیەکی وریاکەرەوەی لەگەڵ دا نییە بەلام زۆریان هەیەتی• بۆ نمونە کاتێک کۆمپانیایەک هەمان کاری تۆ دەکات و روبەروی قەیران دەبێتەوە ئەوا نیشانەیەکی وریا کەرەوەیە بۆ دامودەزگاکەت•
2. ئامادەکاری preparation :لێرەدا زۆر گرنگە کە ئیتر مامەڵە لەگەل ململانێ و قەیران دا بکرێت بە تایبەت کە ناتوانرێت خۆمانی لێبپارێزین• پلانی پەیوەندیکردن ئامرازی سەرەکییە لەم قۆناغەدا چونکە پلانەکە رۆڵی هەر کەسێک دیاری دەکات کە کێ چی دەکات؟ چۆن بگەین بە خەلکی؟ چی بڵێین؟. لێرەوە ئەرک و رۆڵی کارمەندی پەیوەندی گشتی دەردەکەوێت کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ڕووداو پێشهاتەکان بکات.
3. ڕێگە گرتن containment: ئاماژە دانە بە هەوڵدان بۆ سنوردارکردنی لە رووی کاتەوە یان بەر پێگرتن لە بلاوبونەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەکانی ترکە کاریگەریان لەسەر دامودەزگاکە هەیە•
4. بوژانەوە recovery: سەرجەم ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە دەگرێتەوە کە دەدرێت بۆ ئەوەی داموو دەزگاکە بگەرێتەوە سەر بارودۆخی ئاسایی کارکردنی خۆی• دامودەزگاکە دەیەوێت کۆتایی بە قەیرانەکە بهێنێت و بگەرێتەوە باری ئاسایی بە زوترین کات. یان رەنگە بە مانای گەرانەوەی متمانە بێت بو جەماوەر بە جۆرێک کە پەیوەندیکردن بگەرێتەوە سەر باری ئاسایی•
5. فێربون learning: قۆناغی فێربون بریتییە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکە و تەرکیز خستنە سەر ئەوەی چی لە دەست درا یان چی بەدەست هات. هەروەها چۆن دامووەزگاکە کارەکانی کردووە لە کاتی قەیرانەکە• پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندنە کە دەکرێت بۆ ئەوەی هەست بە ئاماژەکانی قەیران بکرێت لە داهاتودا. کاتێک دامودەزگایەک توشی قەیرانێک دەبێت مانای ئەوە نییە کە جارێکی تر لە داهاتودا توشی نابێتەوە.

میدیا گەورەکان ئارەزووی ئەوەدەکەن لەپایتەختە گەورەکان، پەیامنێریان هەبێت، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە لەهەموو ئەو ڕووداوانەی لەم وڵاتانەدا ڕوودەدەن، هەروەها حەز دەکەن زۆرێک لەوانە بنێرن بۆ شوێنەکانی ڕووداوە گرنگەکانی جیهان بۆ ئەوەی خێرا زانیاریان بۆ بگوازنەوە.

## دەرئەنجامەکان

دوا بەدوای بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتوە، کە بە چەند خاڵێک دەیانخەینەڕوو:

پەیوەندی گشتی زانستێکی نوێی سەردەمییانەیە، سەرەڕای مێژووە کەمەکەی، بەخێرایی گەشەیکردووەو رۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ناوەوە دەرەوەی دامەزراوە گشتی و تایبەتەکاندا هەیە. پەیوەندی گشتی دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە خزمەت بە دامەزراوەکان بکات بەتایبەتی لە کاتی ململانێ و قەیرانەکاندا زیاتر رۆڵی دەردەکەوێت بە ئەنجامدانی توێژینەوە و پێشکەشکردنی پێشنیارەکان لەسەر بنەمای ئەو دەرەئجامانەی لە توێژینەوەکان بەدەست هاتوون.

لەسەردەمی ئێستادا زۆرێک لە دامەزراوەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگی تایبەتی بەم بەشە دەدەن. وەک بەشێکی گرنگ و کارا لێی دەڕوانن و رۆڵی گەورەیان هەیە لە بەرەو پێشچون و فراوانکردنی فەرمانگەکاندا. ئاستی کاریگەری پەیوەندی گشتی لە هەر دامەزراوەیەک، بەندە بە ئاستی تێگەیشتنی بەڕێوەبەران و هەروەها هەیکەلی کارگێڕی کە چۆن دەڕوانە پەیوەندییە گشتییەکان.

## راسپاردە و پێشنیار

لە پاش ئەم توێژینەوەیە کە پێی دەوترێت (توێژینەوەی پێداچونەوە)، دەکرێت چەندین پێشنیارو راسپاردە بخرێنە ڕوو، لە پێناو زیاتر گەشەکردن و پەرەپێدان و سود وەرگرتن لەم زانستە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و دامودەزگاو کۆمپانیاکان بە تایبەتی، لەوانە:

ڕاهێنانی بەردەوام بە کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە حکومی و ناحکومی و کۆمپانیاکان و ئاشناکردنیان بە نوێترین شێوازەکانی پەیرەوکردنی پەیوەندییە گشتییەکان.

گرنگیدان و بایەخی تەواو بە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەیکەلی دامەزراوەکان و جێگرکردنی وەک بەشێکی گرنگ و سەربەخۆ.

پاڵپشتیکردنی لایەنی ئەکادیمی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان و زیاتر قوڵبونەوەو ڕۆچون لەم زانستە.

کردنەوەی پەیوەندییە گشتییەکان وەک بەشێکی سەربەخۆ لە هەر دامەزراوەیەکی حکومی وناحکومی و جیاکردنەوەی لە بەشەکانی تر.

## لیستی سەرچاوەکان


- جاد الله كشك محمد بهجة، العلاقات العامة والخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث الاسكندرية، 2000
- دليو فضيل، إشهار العلاقات عامة مع الصحافة، ط3، القاهرة، دار الفجر للنشر،2014.
- زكي محمود هاشم، العلاقات العامة – المفاهيم والاسس العلمية ،الكويت، شركة ذات السلاسل-ط2-1996
- عبد السلام ابو قحف، محاضرات في العلاقات العامة، ط1 ، بيروت، الدار الجامعية ، 1994
- على عجوة، الأسس العلمية للعلاقات العامة، ط3 ، القاهرة، علم الكتب ، 1985.
- فهمي محمد العدوي، مفاهيم جديدة في العلاقات العامة، ط1، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع.
- محمد سلام، الراي العام، ط2، دمشق، دار القلم، 2005

- محند المحمد، مدخل للعلاقات العامة، ديمشق، 2010
- وليد خخلق اللة محمد ذياب،اخلاقيات ممارسات العلاقات العامة. عمان، دار اليازوري البعمية النشر،2014.
- Al-Rawahna, Ammar Salamh Mujali. (2018). "the barriers of e-government success." International Journal of Managing Public Sector Information and Communication Technologies (IJMPICT) 165
- Geah Pressgrove, Brooke Weberling Mckeever, (2016) Nonprofit relationship management: Extending the organization-public relationship to loyalty and behaviors. Journal of Public Relations Research.
- James E. Grunig, Chun-ju Flora Hung (2014) The effect of relationship on reputation and reputation in relationship: A cognitive, Behavioral Study. Researchgate.
- Jeffrey K. Springston, Ruth Ann Weaver Lariscy, (2005) Public Relations Effectiveness in Public Health Institutions. Journal of Health and Human services administration, Fall 2005, Vol. 28, No2. Pp 218-245.
- Kathleen Fearn-Banks, (2009) Crisis Communications A casebook Approach. Third edition, Routledge. New York.
- Linda childers Hon.(1999) .، Guidelines for measuring relationship in public relation. florida: Institute for public relation


## The Role of Public Relations Institutions in Resolving Political Conflicts

**Karwan Mamhamd Sabir**
**Media Department, college Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
Karwanm1985@yahoo.com

**P.I.D. Hoshyar Mudafra Ali**
**Media Department, college Art, Salahaddin University-Erbil,**
Hoshyar.ali@su.edu.krd

**Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**P.I.D. Muhammad Khadr Mawloud**
**Media Department, college Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
muhammad.maulood@su.edu.krd

**Abstract:**

This research titled (The Role of Public Relations Institutions in Resolving Political Conflicts) is an attempt to understand the role, influence and importance of the Public Relations Department in resolving political problems and conflicts. This article focuses on emphasizing the value of public relations within institutions. It is also important for the public relations department in the public administration system of the ministries. Having a public relations department at the top of the administrative structure of any institution is an important need, especially today, due to the existence of major conflicts at different levels. In this research, a theoretical gateway is presented through a review of the public relations literature. One of the most important findings of this research is that public relations is a new and contemporary science that is developing rapidly despite its short history and has an important role and influence in and outside of public and private institutions. Public relations can serve organizations in many ways, especially in times of conflict and crisis by conducting research and making recommendations based on research findings.

**Key word:**

**Role , Public Relations ,Institutions , Resolving Political ,Conflicts**